# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٢٧) ساڵی هەژدەهەم ٢٣/ تەمموز/ ٢٠١٨ زاینیی ١ / خەرمانان/ ٢٧١٨کوردی ١٠/ ذوالقعدة/ ١٤٣٩ کۆچی

227

## لەم ژمارەیەدا :

**یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٨** ل١

یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٨** ل٢

یاسای هەمواری سێیەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان — عێراق

**بڕیاری ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠١٨ پەرلەمانی کوردستان** ل٤

قبولکردنی وازهێنانی ( ڕابون توفیق معروف ) لە ئەندامیەتی پەرلەمان

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ل٥

ڕێنمایی خوێندنی پیشەیی دبلۆمی باڵای یەك ساڵە لە زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨)

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی دارایی وئابووری** ل١١

ڕێنمایی تایبەت بە دەرماڵەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجەدران

**بەیانی ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٨ وەزارەتی ناوخۆ** ل١٢

هێنانەکایەی گوندی (میللەت )

http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد.
☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤)

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٢٢٧) السنة الثامنة عشرة ٢٣/ تموز/ ٢٠١٨ ميلادي ١/ خەرمانان / ٢٧١٨كوردي ١٠/ ذوالقعدة / ١٤٣٩هجري

227


## في هذا العدد:


**القانون رقم (١٠) لسنة ٢٠١٨** ص ١٣

قانون تعليق مؤسسة رئاسة إقليم كوردستان - العراق

**القانون رقم (١١) لسنة ٢٠١٨** ص ١٤

قانون التعديل الثالث لقانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ المعدل في إقليم كوردستان - العراق

**قرار رقم (١٥) لسنة ٢٠١٨ برلمان كوردستان ـ العراق** ص ١٦

قبول استقالة (رابون توفيق معروف) من عضوية برلمان

**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**

**تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠١٨ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي** ص ٥

**تعليمات رقم (١٣) لسنة ٢٠١٨ وزارة المالية والاقتصاد** ص ١١

**بيان رقم (٨) لسنة ٢٠١٨ وزارة الداخلية** ص ١٢



**No. 227 Date : July , 23 , 2018 Vol.: 18**

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

چاپخانەی شەهاب هەولێر



http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎: (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرچوون: ١٦**

**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/١١**

**پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٦)ی رۆژی ٢٠١٨/٧/١١ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە ، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:**

## یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٨

## یاسای هەڵپەساردنی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی (١): هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان،ئەنجام نادرێت**

**ماددەی (٢):**

**یەکەم: کارکردن بە یاسای (دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم) ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەردەوام دەبێت.**

**دووەم: دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لەکارو ئەرکە کارگێڕی و داراییەکان بەردەوام دەبێت و، لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کارەکانی ئەنجام دەدات.**

**ماددەی (٣):**

**پێویستە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی دوو وەرزی گرێدانی ساڵی یەکەمیدا لە ژێر رۆشنایی پێوەرە گشتییە دەستوورییەکان، بڕیار لەسەر چارەنووسی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم بدات.**

**ماددەی (٤): کار بە هیچ دەقێکی یاسایی ناکرێت، پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.**

**ماددەی (٥): پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی (٦): ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و، لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.**

## هۆیەکانی دەرچواندن

**لە پێناو رەخساندنی زەمینەی سازان و لێك تێگەیشتن لەسەر سیستەمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شكرالله** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرچوون: ١٨**

**مێژووی دەرچوون: ٢٠١٨/٧/١٨**

**پشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و ، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان ، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠١٨/٧/١٥ ئەنجامیداوە و ، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە برگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە ، بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:**

## یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٨
## یاسای هەمواری سێیەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموار کراو
## لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی (١):**

**ماددەی (١) لەیاسای هەمواری دووەمی پیادە کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.**

**ماددەی (١):**

**ئەو گرێبەستانەی بۆمەبەستی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ نیشتەجێ بوون یا غەیری نیشتەجێوون گرێدراون، هەر (٤) چوار ساڵ جارێك نوێ دەکرێتەوە بە کرێیەك کە هەردوولا لەسەری رێك دەکەون بە زیاد کردن یان کەم کردن بەمەرجێك لە حاڵەتی زیاد کردنی کرێیەکە لە ٢٠٪ زیاتر نەبێت لە کرێی پێشوو**

**ماددەی (٢):**

**ماددەی (٢) لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.**

**ماددەی (٢):**

**یەکەم: ئەگەر هەردوو لای گرێبەست لەسەر بری کرێ رێك نەکەوتن کە بەپێی ماددە (١) کە لەم یاسایەدا هاتووە ئەوا هەردوو لا یان لایەکیان بۆیان هەیە داوا لە بەرێوەبەرایەتی باجی خانووبەرە بکەن کە لە رێگەی لیژنەی خەملاندنی تایبەتەوە بەرەچاو کردنی دۆخی ئابووری خەملاندن بۆ کرێیەکە بکات.**

**دووەم: بریارەکانی لیژنەی هاتوو لە برگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە شایەنی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای بەرایی لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ لە بریاری خەملاندنەکەوە وبریاری دادگا یەکلاکەرەوە دەبێت.**

**ماددەی ( ٣ ):**

**ماددەی (٤) لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ هەڵدەوەشێتەوە.**

**ماددەی ( ٤ ):**

**ماددەیەك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت و ریز بەندی مادەکان رێك دەخرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.**

**چۆڵ کردن (تخلیه) لە گرێبەستەکانی مادده یەکی ئەم یاسایە ملکەچ دەبێ بۆ حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩.**

**ماددەی ( ٥ ):**

**کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لە حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێ.**

**ماددەی ( ٦ ):**

**پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی ( ٧ ):**

**ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لەرۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.**

## هۆیەکانی دەرچواندن

**لەپێناو هێنانەدی دادپەروەری و هاوسەنگی لەنێوان مافی خاوەن موڵك و کرێچی و، بە لەبەرچاو گرتنی دۆخ و گرفتی ئابووری وکۆمەڵایەتی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکراللە** | **جعفر ابراهیم ئێمینکی** | **یوسف محمد صادق** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

**بەناوی گەلەوە**
**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ١٥**
**مێژووی بڕیار: ٢٠١٨/٧/١٠**

## بـڕیـار
## ژمـارە ( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٨

پشت بەحوکمی برگەی (٢) لە ماددەی (٤٣) یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، و هەردوو ماددەی (٣٣ و ٣٥) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو ، پەرلەمانی کوردستان ، لەدانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی رۆژی ٢٠١٨/٧/١٠ یدا بڕیاری ئەمەی خوارەوەیدا:ـ

**یەکەم:** قەبوڵکردنی وازهێنانی بەڕێز ( رابون توفیق معروف ) لەئەندامیەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونی لە ٢٠١٨/٧/١٠ـەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمیی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاو دەکرێتەوە.

**جعفر ابراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**
**ژمارە: ٧٥٣٨ لە ٢٠١٨/٦/١١**

## ڕێنمایی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٨
## ڕێنمایی خوێندنی پیشەیی دبلۆمی باڵای یەك ساڵە لە زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان
## بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٧-٢٠١٨)

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە، بڕیاڕدرا بە دەركردنی ڕێنمایی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی لە زانكۆ حكومییەكانی هەرێمی كوردستان بەم شێوەیەی خوارەوە :

**تەوەری یەكەم/**

مەرج و ڕێنماییەكانی پێشكەشكردن :

١- مەرجی تێكڕای نمرە (معدل)ی بەكالۆریۆس :

تێكرای نمرە (معدل)ی بەكالۆریۆسی پێشكەشكار ڕەچاو ناكرێت بۆ پێشكەشكردن، واتە هەر پێشكەشكارێك تێكرای نمرە (معدل)ی (٥٠%) بێت ئەوا مافی هەیە پێشكەشی ئەم جۆرە خوێندنە بكات .

٢- مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی:

مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە لایەن لیژنەی زانستی ئەو بەشە زانستیە دادەنرێت كە ئەم جۆرە خوێندنە دەكاتەوە، بە مەرجێك لەلایەن ئەنجومەنی بەش و ئەنجومەنی كۆلێژ و ئەنجومەنی زانكۆ پەسەند بكرێت و دواتر پێویستە ڕەزامەندی وەزارەت سەبارەت بە مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی وەربگیردرێت.

٣- مەرجی تاقیكردنەوەی توانستی زانستی:

أ- تاقیكردنەوەی توانستی زانستی ئەنجام دەدرێت و ڕێژەی (٣٠%) نمرەی بۆ تەرخان دەكرێت، مەرجە پێشكەشكار دەربچێت لەم تاقیكردنەوەیە (واتە مەرجە ١٥ نمرە یان زیاتر لە ٣٠ نمرەی تەرخانكراو بۆ تاقیكردنەوە بەدەست بهێنێت، بە پێچەوانەوە مافی بەشداریكردنی لە پێشبڕكێی نییە.

ب- پێویستە لیژنەیەكی تایبەت لەسەر ئاستی كۆلێژ یان بەشی زانستی سەرپەرشتی تاقیكردنەوەكان بكات.

ج- هەركاتێك كورسی بەتاڵ مایەوە بە گشت جۆرەكانی كورسی تەرخانكراو، ئەوا بە هیچ شێوەیەك كورسییەكان پڕ ناكرێنەوە.

د- هیچ زانكۆیەك بۆی نییە كورسی خوێندن زیاد بكات بۆ پلانی زانكۆ كە لە لایەن وەزارەتەوە پەسەند دەكرێت.

٤- مەرجی تەمەن :

میچ (سقف)ی تەمەن مەرج نییە بۆ پێشكەشكردن، ئەمەش لەبەر ئەوەی خوێندنەكە بە شێوازی پاراڵێل دەبێت، بۆیە ڕەچاوی میچ (سقف)ی تەمەن ناكرێت.

٥- مەرجی ساڵانی خزمەت و تێپەربوونی ماوەی پێویست بەسەر دەرچووندا:

أ- بۆ خوازیارانی دامەزراو (واتە فەرمانبەری هەمیشەیی بن لە یەکێك لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان)، پێشکەشکار مەرجە (٢) دوو ساڵی تەواوی خزمەتی فیعلی دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و دامەزراندنی هەبێت تا ڕێکەوتی دەستپێکردنی خوێندنەکە، بە پێچەوانەوە مافی وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندنی نابێت.

ب- ئەو خوازیارانەی کە دانەمەزراون لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەبێ هەبوونی مەرجی دوو ساڵ دەرچوون و تێپەڕین بەسەر بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس مافی پێشکەشکردنیان هەیە و پێویستە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکەن کە لە هیچ دامودەزگایەکی میری دانەمەزراون.

**تەوەری دووەم**/ ڕێکخستنی پێشبڕکێ لە نێوان پێشکەشکاران و پێوەرەکانی سیستمی ڕیزبەندی بەپێی ڕێژەی خاڵ.

پێوەرەکانی پێشبڕکێ لەسەر بنەمای نمرەی بەکالۆریۆس و نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- تێکڕای نمرەی (٥٠٪)ی بەکالۆریۆس هیچ خاڵ وەرناگرێت بۆ چوونە ناو پێشبڕکێ، بە زیادبوونی هەر نمرەیەك خاڵێك وەردەگرێت ( بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکارێك تێکرای نمرەکەی (٦٠٪) بوو (١٠) دە خاڵی پێ دەدەرێت بۆ چوونە ناو پێشبڕکێ، ئەگەر یەکێکی تر تێکرای نمرەی (٦٧٪)ی هەبوو ئەوا (١٧) خاڵی بۆ زیاد دەکرێت، بۆ نمرەکانی تریش هەمان ئەو بنەمایە پەیڕەو دەکرێت.

ب- لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی لەسەر (٣٠) نمرە ئەنجام دەدرێت و بەدەستهێنانی نمرەی (١٥) پانزە لە تاقیکردنەوە هیچ خاڵ وەرناگرێت، واتە (٠) سفر (خاڵ)ی دەبێت و بە زیادبوونی هەر نمرەیەك (١) یەك خاڵی بۆ زیاد دەکرێت (بۆ نمونە ئەگەر پێشکەشکار نمرەی (١٦)ی هێنا لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی، ئەوا (١) یەك خاڵ وەردەگرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێ، ئەگەر نمرەی (٢٠) بیستی هێنا ئەوا (٥) پێنج خاڵی پێ دەدرێت بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێ...هتد.

تێبینی/ هەردوو خاڵەکانی بەدەستهاتوو لە نمرەی بەکالۆریۆس و نمرەی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی کۆ دەکرێنەوە و ئەو پێشکەشکارانەی بەرزترین خاڵیان بەدەستهێنا، ئەوا بە پێی ڕێژەی پلان و ژمارەی کورسیەکان وەردەگیرێن.

**تەوەری سێیەم**/ مەرج و پێداویستی کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی:

١- بۆ کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی لە هەر بەشێکی زانستی مەرجە بە لایەنی کەم (٤) چوار هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا هەبێت کە پسپۆڕیان لە هەمان بواری بەشەکەیە و مەرجیشە ئەو بەڕێزانە لەسەر میلاکی هەمیشەیی بەشی زانستی بن یان خانەنشینکراوی هەمان بەش بن یاخود گرێبەست یان تەنسیبکراو بن لە هەمان ئەو بەشە، لێرەدا پێویستە ئەو بەڕێزانە کە ستافی بەشێکی دیاریکراون دووبارە نەبنەوە لە بەشێکی تر.

٢- پێویستە زانکۆکان پلانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی ئامادە بکەن و ئەو بەشانەی کە دەیانەوێت ئەم جۆرە خوێندنە بکەنەوە بۆ یەکەم جار و مەرجەکانی خاڵی (١) یەکی سەرەوەیان تێدایە و دوو خولی بەکالۆریۆسیان دەرچوواندووە ، دەتوانن پرۆپۆزەلی کردنەوەی خوێندنەکە پێشکەش بە لیژنەی باڵای دڵنیایی جۆری وەزارەت بکەن بۆ دیراسەتکردن و پەسەندکردنی.

٣- ماوەی خوێندن بریتییە لە (١) یەك ساڵ ( جگە لە ماوەی زمانی ئینگلیزی ئەگەر هەبوو)، لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی کۆلێژە کە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بۆ جاری یەکەم بە مووچە ماوەکە درێژ بکاتەوە و لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی زانکۆیە بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ بۆ جاری دووەم بە مووچە ماوەکە درێژی بکاتەوە (کە دوایین درێژکردنەوەیە). بە پێچەوانەوە قوتابی/خوێندکاری دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقین القید)ی لە خوێندن لە لایەن زانکۆوە بۆ دەردەچێت.

٤- کردنەوەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی لە هەر بەشێکی زانستی و پسپۆرییەك لەسەر بنەمای پێویستی بازاری کاری کوردستان و پێویستی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم یاخود پێویستی کەرتی تایبەت بەو پسپۆرییە دەبێـت. لێرەدا بەش و کۆلێژ و زانکۆکان بەرپرسن لە جێبەجێکردن و دیراسەتکردنی ئەم بابەتە.

**تەوەری چوارەم** : پێداویستیە زانستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی:

١- ئەگەر بە پێی خاڵی (٢) لە (تەوەری یەکەم) مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی داندرا، ئەوا مەرجە قوتابی/ خوێندکاری دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی دوای وەرگرتن و پێش دەستپێکردنی کۆرسەکانی خوێندن، مەرجی ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی مسۆگەر کردبێت بۆ سەرجەم پسپۆرییەکانی زانستی و مرۆڤایەتی و پزیشکی...هتد، بە پێچەوانەوە مافی چوونە نێو کۆرسی ئەکادیمی نییە تا بەدەستهێنانی ئەم مەرجەی توانستی زمانی ئینگلیزی.

٢- سەبارەت بەتاقیکردنەوەی کۆرسەکان:

أ- مەرجە قوتابی/ خوێندکار لە تاقیکردنەوەی کۆرسەکان دا نمرەکەی لە (٦٠٪) کەمتر نەبێت لە هەر یەك لەو بابەتانە و لە کۆتایی هەردوو وەرزەکەدا تێکڕای نمرە (معدل)ی لە (٧٠٪) کەمتر نەبێت، بە پێچەوانەوە بە پێی ڕێنماییەکانی خوێندنی باڵا سرینەوەی ناو (ترقین القید) دەکرێت.

ب- ئەگەر قوتابی/ خوێندکار لە کۆرسی یەکەم لە نیوەی زیاتری بابەتەکان کەوت، ئەوا سڕینەوەی ناو (ترقین قید) دەکرێت و مافی چوونە نێو کۆرسی دووەمی نابێت.

٣- پرۆگرامی خوێندن و ژمارەی یەکەکان (الوحدات) و ناوەڕۆکی کۆرسە ئەکادیمییەکان لەلایەن لیژنەی زانستی بەش دادەنرێت بە مەرجێك لە لایەن ئەنجومەنی بەش و ئەنجومەنی کۆلێژ پەسەند بکرێت.

٤- دەکرێت لیژنەی زانستی بەش دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی کۆلێژ هەر پێداویستیەکی دیکە لە ماوەی خوێندنەکە زیاد بکات بۆ قوتابیان و خوێندکاران بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکە کە لە خاڵەکانی سەرەوە نەهاتووە، بە مەرجێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم ڕێنماییە.

**تەوەری پێنجەم: تێبینیە گشتیەکان:**

١- هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە گشت دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم بۆیان هەیە پێشکەشی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی بکەن (جگە لەوانەی سەر بە دامودەزگاکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی)، چونکە ئەم خوێندنە پیشەییە و خزمەتی پێداویستی بازاری کار دەکات.

٢- خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی بە هیچ شێوەیەك بەکارنایەت بۆ مەبەستی بەرزکردنەوەی نمرە(رفع المعدل)ی بەکالۆریۆس تاوەکو پێشکەشی خوێندنی ماستەر بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پێشکەشکار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە سەرۆکایەتی زانکۆ بدات کە ئاگادارە ئەم خوێندن و بڕوانامەیە پیشەییە و ئەکادیمی نییە.

٣- لە کاتی پێدانی بەخشینی بروانامەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی لە لایەن زانکۆکان، پێویستە بە روونی لەسەر بروانامەکە ئاماژە بدرێت کە ئەم بڕوانامەیە پیشەییە و بۆ مەبەستی ئەکادیمی بەکارنایەت.

٤- بروانامەی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی بۆ مەبەستی کاروباری کارگێری و دارای و پیشەیی و تەکنیکی بەکاردێت ماف و ئیمتیازاتێکی دارایی و کارگێری لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم دەستنیشاندەکرێت جگە لە ماف و ئیمتیازاتی ئەکادیمی کە لە خاڵی (٢ + ٣)ی سەرەوە روونکراوەتەوە.

٥- هەر بە شێکی زانستی کە خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی دەکاتەوە لە کاتی دانانی پلان، پێویستە ئاماژە بکات کە هەڵگرانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە کام بوار و پسپۆری بۆیان هەیە پێشکەشی ئەم جۆرە خوێندنە بکەن.

٦- هیچ مامەڵەیەکی پێشکەشکردن وەرناگیرێت، ئەگەر سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان تەواو نەبێت تا دوایین رۆژی پێشکەشکردن، بە پێچەوانەوە خوازیار مافی بەشداربوونی لە تاقیکردنەوەی توانستی زانستی نابێت و یاریدەدەری سەرۆك زانکۆکان بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا بەرپرسیارن لە وردبینی کردنی دۆکیۆمێنتەکان و دەستنیشانکردنی لیستی ئەو پێشکەشکارانەی کە مافی تاقیکردنەوەی توانستی زانستییان هەیە، هەروەها لیژنە تایبەتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی چاودێری و وردبینی دۆکیومێنتەکان و پرۆسەی پێشکەشکردن دەکەن.

٧- ئەو خوازیارنەی کە ئارەزوومەندن بۆ پێشکەشکردن بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی کە دوو ساڵ خزمەتی راژەی فیعلی دوای دامەزراندن و بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆسیان تا رێکەوتی دەستپێکردنی ئەم خوێندنەی هەیە شایستەی مۆلەتی خوێندن دەبن بە پێی یاسای ڕاژەی شارستانی هەموارکراوی ساڵی (٢٠٠٩). بەڵام سەبارەت بەو خوازیارانەی کە مەرجی دوو ساڵ خزمەتی فیعلیان نییە دوای بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس و دامەزراندن ئەوا مافی پێشکەشکردنیان هەیە بەڵام مۆڵەتی خوێندنیان بە بێ مووچە دەبێت بە پێی لاری نەبوونی وەزارەتەکەی.

٨- مۆڵەتی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بە شێوەی خۆتەرخانکردنی تەواو (تفرغ تام) دەبێت.

٩- پێویستە ئەو پێشکەشکارەی کە دانەمەزراوە بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پێشکەش بکات کە لە هیچ فەرمانگەیەکی حکومی دانەمەزراوە، ئەگەر زانیاری نادروستی دا بێت ئەوا هەموو بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆ، هەروەها سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی لە خوێندن بۆ دەکرێت.

١٠- بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت مامەلە لەگەڵ پۆینت ناکرێت بۆ مەبەستی پێشکەشکردن و دەرئەنجامەکانی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی ( واتە ژمارەکان جبر ناکرێن و کێرڤ نادرێت لە کاتی تاقیکردنەوەی توانستی زانستی .

١١- بە هیچ شێوەیەك ناکرێت قوتابی/ خوێندکار خوێندنەکەی بگوازێتەوە بۆ زانکۆیەکی دیکە.

١٢- ئەگەر لە بەشێکی زانستی بە تەنها یەك قوتابی/ خوێندکار وەرگیرا، ئەوا خوێندنەکەی دوادەخرێت ، لە حاڵەتی هەبوونی هەمان پسپۆری لە زانکۆیەکی دیکە ئەوا دەتوانێت تەنها کۆرسەکانی خوێندن بە شێوەی میوانداری وەربگرێت و دواتر توێژینەوەکەی لە زانکۆی خۆی ئەنجام بدات.

١٣- ئەگەر پێشکەشکار زانیاری نادروستی دا بێت لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن یاخود لە گشت قۆناغەکانی خوێندن، ئەوا هەموو بەرپرسیاریەتی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆی ، هەروەها سڕینەوەی ناو (ترقین قید)ی لە خوێندن بۆ دەکرێت.

**تەوەری شەشەم:** پلان و ژمارەی کورسیەکان:

دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، زانکۆ هەڵدەستێ بە ئامادەکردنی پلانی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی لەسەر داوای وەزارەت و فەرمانگە و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و کەرتی تایبەت بە پێی ڕێنماییەکان و ژمارەی کورسیەکان دیاری دەکات و لە لایەن ئەنجومەنی بەش و ئەنجومەنی کۆلێژ و ئەنجومەنی زانکۆکەوە پلانی خوێندن و ژمارەی کورسیەکان پەسەند دەکرێت و و دواتریش لە لایەن وەزارەت پلان و ژمارەی کورسیەکان پەسەندەکرێت، سەرجەم کورسیەکانیش بە شێوەی پاراڵێل دەبێت و پێشکەشکردن لەسەر کورسیەکان بە شێوەی سەرتاسەری دەبێت و بە هیچ شێوەیەك کورسی بۆ هیچ دامەزراوەیەك تەرخان ناکرێت و ئەو پێشکەشکارەی زۆرترین خاڵی بەدەستهێنا بە پێی ڕێژەی پلانەکە وەردەگیرێت.

**تەوەری حەوتەم:** سەبارەت بە لایەنی دارایی خوێندن:

١- ئەو کاندیدانەی لەسەر میلاکی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمن (جگە لە دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا کە بۆیان نیە پێشکەشی بکەن)، شێوازی خوێندنەکەیان بە سیستمی پاڕاڵێل دەبێت و تەواوی تێچووی خوێندنەکەیان لە ئەستۆی وەزارەتەکەی (دامەزراوەکەی) یان لە ئەستۆی قوتابی/خوێندکار دەبێت، بۆیە پێویستە لە کاتی بەدەستهێنانی نووسراوی لاری نەبوونی وەزارەتەکەی بۆ مەبەستی پێشکەشکردن ئاماژە بە ڕەزامەندی وەزارەتەکەی بدرێت کە خەرجی خوێندنەکەی لە ئەستۆ دەگرێت، بە پێچەوانەوە پێویستە

پێشکەشکار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پڕبکاتەوە کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

٢- هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس کە لە هیچ فەرمانگە و دامودەزگایەکی حکومەتی هەرێم دانەمەزراون واتە فەرمانبەری هەمیشەیی نین، بۆیان هەیە داواکاری پێشکەش بکەن بۆ خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی بە شێوازی پارالێل، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە پێشکەشکار لە کاتی پرۆسەی پێشکەشکردن بەڵێننامەی یاسایی لە زانکۆ پڕبکاتەوە کە ئامادەیە تەواوی تێچووی خوێندنەکە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

٣- دوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە، کرێی خوێندنی دبلۆمی باڵای یەك ساڵەی پیشەیی بە شێوازی پاڕالێل لە لایەن ئەنجومەنی بەش و ئەنجومەنی کۆلێژ و ئەنجومەنی زانکۆکان دەستنیشاندەکرێت و لە وەزارەت پەسەند دەکرێت .

**تەوەری هەشتەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و هەر ڕێنماییەکی تر لەمەو پێش دەرچووە کە ناکۆك و پێچەوانە بێت لەگەڵ ئەم ڕێنماییە، ئەوا کاری پێناکرێت.

## هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە

هۆیەکانی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە بریتییە لە پێگەیاندنی کادیری پیشەیی و تەکنیکی بۆ دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەت ئەمەش بە هۆی پێویستی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان.

**د.یوسف گۆران**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**ژمارە : ٥٤٢٥ لە ٢٠١٨/٥/٢٩**

**پاڵپشت بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٣)ی ساڵی ٢٠١٧ تایبەت بە دەرماڵەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجەران بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-**

**ڕێنمایی ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠١٨**

**ڕێنمایی تایبەت بە دەرماڵەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجەران**

**یەکەم:** خەرج کردنی دەرماڵەی تایبەت بەڕێژەی (١٠٠٪) بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی هەمیشەیی و گرێبەستی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجەران بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە :-

١- ڕێژەی (١٠٠٪) ئەم دەرماڵەیە بۆ سەرجەم فەرمانبەرانی هەمیشەیی .

٢- ڕێژەی (١٠٠٪) ئەم دەرماڵەیە بۆ فەرمانبەرانی دامەزراو بە گرێبەست خەرج دەکرێت لەسەر بنەمای مووچەی بنەڕەتی بڕوانامەکانیان نەوەکو بڕی گرێبەستەکەی کە پێی دامەزراوە .

٣- ئەم دەرماڵەیە بە لیستی جیا خەرج دەکرێت و لەکاتی دابەش کردنی مووچەی مانگانە خەرج دەکرێت .

٤- نابێت لەهەمان کاتدا دوو دەرماڵەی بە هەمان ناونیشان خەرج بکرێت .

٥- ئەم دەرماڵەیە لەسەرجەم مۆڵەتەکاندا دەبڕدرێت جگە لە مۆڵەتی ئاسایی کە تا ماوەی (٣) ڕۆژ نابڕێت و لەم ماوەیە زیاتر بۆ هەموو مانگەکە بۆی خەرج ناکرێت .

**دووەم:** خەرج کردنی بڕی (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار بەرامبەر بەو سەردانانەی کە بۆ سەنتەری شار و بڕی (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار بۆ دەرەوەی سەنتەری شار بۆ ئەو فەرمانبەرانە خەرج دەکرێت بەرامبەر ئەو ئەرك و ماندووبوونەی کە لەکاتی سەردانی باجەراندا ئەنجامی دەدەن ئەم بڕە پارانەش دەخرێتە سەر مووچەی مانگی دوای سەردانەکان و بەپێی خشتەیەك ڕێك دەخرێت دوای ڕەزامەندی بەرپرسی هۆبە و سەرۆکی بەشەکەی و ئەم بڕانەی سەرەوە ڕێگر نیە لە خەرج کردنی دەرماڵەی شاند و سەفەری ناوەوە بۆ فەرمانبەران ، هەروەها خەرج کردنی ئەم بڕلنە کاریگەری لەسەر زیاد کردنی ڕێژەی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران نابێت .

**سێیەم:** خەرج کردنی ڕێژەی (١٥٪) کۆی بڕی زێدەکی ئەو سەرپێچیانەی لە سیستەمی خود خەملاندن وەردەگیرێت لە ماوەی ساڵێکدا و دابەش کردنی بە دوو جار لە ساڵێکدا بەسەر فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجەران بەپێی پلەی وەزیفی و خاڵبەندی ئاماژە پێکراو کە لە نووسراومان ژمارە (٢٠٥٣) لە ٢٠١٨/٣/٤ هاتووە .

**چوارەم:** جیاوازی دەرماڵەی تایبەتی هاتوو لە خاڵی (یەکەمی) سەرەوە بە (٤) چوار قۆناغ خەرج دەکرێت و بەلیستی جیا و لەکاتی دابەش کردنی مووچەی مانگانە .

**پێنجەم:** ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی ٢٠١٧/٤/٦ ـەوە جێبەجێ دەکرێت .

**ڕێباز محمد حملان**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە : ٨١٢٠ لە ٢٠١٨/٦/٧**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٥ و بەیانمان ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠١٧ و ئاماژە بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەنووسراویان ژمارە (٢٤٠٧) لە ٢٠١٧/٧/٢٧ و (٤٩٠٠) لە ٢٠١٨/٤/٥ و (١٠٦٩١) لە ٢٠١٧/٦/٢٠ بریارماندا بە :-**

**بەیانی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٨**

**هێنانەکایەی گوندی ( میللەت )**

- **هینانەکایەی گوندی ( میللەت ) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (٦١) لە کەرتی (٥٨ / بەربیان لە ناحیەی هەریر / قەزای شەقڵاوە ) بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان بە رووبەری (٥) دۆنم و (٢) ئۆلك بەپێی خشتەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای هەولێر ژمارە (١١٣٦) لە ٢٠١٨/٣/٨ .**

**کـریم سنجـاری**

**وەزیـری ناوخـۆ**

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم الإصدار: ١٦**

**تأريخ الإصدار: ٢٠١٨/٧/١١**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، وبناءً على ما شرعه البرلمان في جلسته الاعتيادية رقم (٦) بتأريخ ٢٠١٨/٧/١١، وبموجب السلطة الممنوحة لرئاسة البرلمان بموجب الفقرة (ثالثاً) من (المادة الأولى) من القانون رقم (٢) لسنة ٢٠١٧، قرر إصدار القانون الآتي:

## القانون رقم (١٠) لسنة ٢٠١٨
## قانون تعليق مؤسسة رئاسة إقليم كوردستان - العراق

**المادة (١):**

لا يجرى انتخاب رئيس الإقليم بالتزامن مع انتخابات الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان.

**المادة (٢):**

**أولاً:** يستمر العمل بقانون ( توزيع اختصاصات رئاسة الإقليم على المؤسسات الدستورية للإقليم ) رقم (٢) لسنة ٢٠١٧.

**ثانياً:** يستمر ديوان رئاسة إقليم كوردستان في أعماله وواجباته الإدارية والمالية ، وينفذ مهامه تحت إشراف رئاسة مجلس الوزراء.

**المادة (٣):**

على الدورة الخامسة لبرلمان كوردستان وخلال فصلي انعقاد سنتها الأولى اتخاذ القرار حول مصير مؤسسة رئاسة الإقليم في ضوء المعايير العامة للدساتير.

**المادة (٤):** لا يعمل بأي نص قانوني يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٥):** على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٦):** ينفذ هذا القانون من تأريخ صدوره، وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

### الأسباب الموجبة

من أجل تهيئة أرضية التوافق والتفاهم حول نظام الحكم في إقليم كوردستان، فقد شرع هذا القانون.

| بێگەرد دلشاد شكرالله | جعفر ابراهيم ئيمينكى | يوسف محمد صادق |
|---|---|---|
| سكرتير برلمان كوردستان – العراق | نائب رئيس برلمان كوردستان – العراق | رئيس برلمان كوردستان – العراق |

بسم الله الرحمن الرحيم

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم الإصدار: ١٨**

**تأريخ الإصدار: ٢٠١٨/٧/١٨**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان ، وبناءً على ما شرعه البرلمان في جلسته الاعتيادية رقم (٧) بتأريخ ٢٠١٨/٧/١٥ ، وبموجب السلطة الممنوحة لرئاسة البرلمان بموجب الفقرة ( ثالثاً) من ( المادة الأولى) من القانون رقم (٢) لسنة ٢٠١٧، قرر إصدار القانون الآتي:

## القانون رقم ( ١١ ) لسنة ٢٠١٨
## قانون التعديل الثالث لقانون إيجار العقار رقم ( ٨٧ ) لسنة ١٩٧٩ المعدل
## في إقليم كوردستان – العراق

**المادة ( ١ ):**

تعدل المادة (١) من قانون التعديل الثاني لتطبيق قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ وتقرأ على الوجه الآتي:

**المادة ( ١ ):**

تجدد عقود إيجار العقار المبرمة لأغراض السكنى أو لغير السكنى مرة كل أربع سنوات بأجرة يتفق عليها الطرفان سواءً بالزيادة أو النقصان بشرط ألا تزيد الأجرة في حالة الزيادة على (٢٠٪) من الأجرة السابقة.

**المادة ( ٢ ):**

تعدل المادة (٢) من قانون التعديل الثاني لتطبيق قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ وتقرأ على الوجه الآتي:

**المادة ( ٢ ):**

أولاً: إذا لم يتفق طرفا العقد على مقدار الأجرة بموجب المادة (١) من هذا القانون يحق لكلا الطرفين أو لأحدهما الطلب من مديرية ضريبة العقار تقدير الأجرة من خلال لجنة تقدير خاصة مع الأخذ بنظر الاعتبار الظروف الاقتصادية.

ثانياً: تكون قرارات اللجنة الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة قابلة للطعن فيها لدى محكمة البداءة خلال مدة (١٥) يوماً من صدور قرار التقدير ويكون قرار المحكمة باتاً.

**المادة ( ٣ ):**

تلغى المادة (٤) من قانون التعديل الثاني لتطبيق قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩.

**المادة (٤):**

**تضاف مادة إلى القانون ويعاد تنظيم تسلسل المواد وتقرأ على الوجه الآتي:**

**تخضع التخلية في عقود المادة (١) من هذا القانون لأحكام قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩.**

**المادة (٥):**

**لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.**

**المادة (٦):**

**على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**المادة (٧):**

**ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**الأسباب الموجبة**

**من أجل تحقيق العدالة والتوازن بين حق المستأجر وصاحب الملك ومع الأخذ بنظر الاعتبار الظروف والمشاكل الاقتصادية والاجتماعية، فقد شرع هذا القانون.**

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شكرالله** | **جعفر ابراهيم ئيمينكى** | **يوسف محمد صادق** |
| **سكرتير برلمان كوردستان - العراق** | **نائب رئيس برلمان كوردستان - العراق** | **رئيس برلمان كوردستان - العراق** |

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**
**برلمان كوردستان ـ العراق**
**رقم القرار: ١٥**
**تاريخ القرار: ٢٠١٨/٧/١٠**

**قــرار**
**رقم ( ١٥ ) لسنة ٢٠١٨**

**استناداً لحكم الفقرة (٢) من المادة (٤٣) قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، والمادتين (٣٣ و ٣٥) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، قرر برلمان كوردستان ـ العراق في جلسته الاعتيادية المرقمة (٥) والمنعقدة بتاريخ ٢٠١٨/٧/١٠ الآتي:**

**أولاً: قبول استقالة السيد (رابون توفيق معروف) من عضوية برلمان كوردستان ـ العراق.**

**ثانياً: ينفذ هذا القرار من تاريخ اقراره في ٢٠١٨/٧/١٠ وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**جعفر ابراهيم ئيمينكى**
**نائب رئيس برلمان كوردستان – العراق**